www.kurdistannet.org
19-2-2006 12:30 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بوونی (سۆران عومەر) لە سلێمانی گوزارشت لە ئازادی ناکات!.. بەشدار قادر

ڕانیە
Galay_bahar@hotmail. com

ئەو وەختەی کە باس لە ئازادی دەکەین و دەڵێین خەڵك ئازادە هیچ کاتێك بەمانای ئەوە نایەت کە خەڵکی لەسەر هەڵوێستی فکری و ئەندێشەی جیاواز ڕەش بکرێتەوەو لەناو خەریتەی ژیاندا بخرێتە دەرەوە، بەڵکو ئازادی لە سادەترین مانایدا وشەی ئازادە بەڵام بە ئەندێشەی مرۆڤ دۆستی. ئەوەی لەفکری مرۆیی و بازنەی پێکەوەژیاندا، دەبێت بەرجەستەبێت ڕەخنەیە هەڵبەتە ڕەخنە بەمانای ئەوەی کە دەبێت لەم دنیایەدا هەموو شتێك قابیلی ڕەخنەبێت، ڕۆشنگەری و خۆر ئاوا نموونەی بەرجەستەی ئەم جۆرە ڕەخنەیەن. ئەوەی کەمن زۆرم لامەبەستەو دەمەوێت بیلێم، کێشەی مەریوان هەڵەبجەیی نووسەرە ن کە لەم ماوەیەدا هەراو زەنای زۆری نایەوە. هاوکات دیدی نووسەری ئیسلامی ڕادیکاڵ (سۆران عومە) ە، کە لەپەیوەند بەکێشەی مەریوانەوە وتارێکی لە کوردستان نێت بڵاو کردۆتەوە بەناوی (مەریوان شمشێری بۆسەربڕین پێویستە یان بالی بۆ فڕین مەبەستە) خوێنەر کاتێك دەست دەکات بەخوێندنەوەی سەرلەبەری وشەو پەرەگرافەکانی ئەم وتارە، هەست دەکات ئەمە گوزارشت لە روحی چ کەسێکی نائینسانی دەکات و ئامانج و ئەلتەرناتیڤی ئەو لەهەر ساتێکی دەسەڵاتیدا چۆنەو چ قیامەتێك بۆ ڕەخنەو ئەندێشەی سەربەخۆو ئازاد درووست دەکات، ئەم وتارە بەنەفەسی مەلا کرێکار نووسراوە کە لە شوێنێکدا دەڵێت (پێویستە مەریوان بەکتێبەکەی خۆی بسوتێنرێت لە باشترین کەشی ئازادیدا) هەروەها لە دێری کۆتاییدا دەڵێت: (گەر مەریوان تۆبەی نەکرد ژیانی بۆ ئەهلی ئیسلام شەرمەزارییە)، واتا دەبێت بکوژرێ و سەری لەلاشەی جیابکرێتەوە!!! وەکو ئەوەی لە القاعیدە ئەنسار لە عێراقدا دەیکەن، ئەمە هەستی مرۆڤێکە لە ناو جەرگەی شاری سلێمانی!!!. کاتی خۆشی مەلا کرێکار دەیگوت:ئەوەی کتێبە شیعریەکەی شێرکۆ بێکەسی چاپ کردووە ئێمە دەیخەینە ژێر پێڵاوەکانمانەوە. دەتوانم بڵێم مەلا کرێکار زۆر لەم کاك سۆرانە بەویژدان ترو بەریئترە.. چونەکە ئەو تەنها کتێبەکە دەخاتە ژێر پێڵاوەکانی بەڵام سۆران عومەر مەریوانەکان سەر دەبڕێت، بە ئاگری بەکتێبەکەی مەریوان دەسوتێنێ!. خوێنەری بەڕێز سەیر بکە بزانە ئەمە ئازادییە یان فشە بازارِی، لە ژێر دەستی سۆسیال دیموکراتەکان سەربڕێك دەژی و هاواریش دەکات ودەڵێت من سەر بڕم.. دەی ئەگەر سەر بڕنیت و خوێن وەك ئاوی زمزم نۆش ناکەی ئەی چی دەکەی تۆ.

ئەوەی کە جێگای پرسیاری منەو زۆر زۆر زۆرم پێ سەیرە (بێدەنگی دەسەڵاتە) بەرانبەر وجودی فیعلی تۆ لە شاری سلێمانی، ئاخر زۆرێك لەوانەی کە ئێستا بەناوی تیرۆرست و ئەم جۆرە شتانە.. وەکو تۆ قسەیان نەکردووە یاخود ئەنجامدانی کارە ناشیاوەکانیشیان هەر هێندەی قسەکانی تۆ زیانی هەیە، لە زیندانەکان شەوو ڕۆژ دەکەنەوە، ئەی تیرۆری پراکتیکی لە ئەندێشەوە دەست پێ ناکات و لە وێوە نایەتە ناو ژیان و مۆرڤ بێ نرخ دەکات.

لەکۆتاییی دا دەمەوێت دەسەڵاتداران بە تایبەت یەکێتی نیشتمانی هۆشیار بکەمەوە لەوەی کە بەزوترین کات پەلت بگرن و پەلکێشی بەردەم دادگات بکەن چونکە ژیانت بەو شێوەیەی ئێستا هەیە (من مەبەستم کوشتنت نییە) جێگای شەرمەزارییە ن وە ئەگەر بەزوترین کات زیندانی نەکرێی ئەوا دوور نییە، قەیابێکی گەورەی مرۆڤت لێ دەربچێت و زیانت بۆ ئاسایشی کوردستان و ئەزموونەکەی هەبێت، چونکە تۆ بونی تۆو قەڵەمی تۆ لە کوردستان هەرگیز بەمانای ئازادی نایەت... یەکێتی فریاکەوە